# کرێچی لەژێر ڕەحمەتی یاسای بەکرێداندا

یاسای بەکرێدانی ژمارە ١٨٧ی ساڵی (١٩٧٩)، یەکێکە لەو یاسایانەی کە پەیوەندی نێوان خاوەن موڵك و کرێچی ڕێکدەخەن، بەجۆرێك مادده و بڕگەکانی داڕێژراوە کە حەوت پشتی کرێچی دەبێت ڕەحمەت بۆ دانەرەکەی بنێرێت کە حیزبی بەعسی بەدناوە! خاوەن موڵکیش نەعلەتی لێبکات. لەم بەشەدا و بکورتی و بە زمانێکی گشتی دور لە زاراوەی وشکی یاسایی باسی چەند مادە و بڕگەیەکی سەرەتایی یاسای ناوبراو دەکەین.

بەپێی ماددەی (٣) گەر کەسێك خانوو یا دوکانێکی بەکرێگرت گەرچی ڕێشکەوتبن لەسەر مەوعیدێك بۆ چۆڵکردنی و کرێچیش بەڵێنی دابێت بە چۆڵکردنی ئەوا خاوەن موڵك بۆی نییە داوای چۆڵکردنی لێبکات کاتێك ماوەی بەکرێدانەکە تەواو بوو.

بەپێی ماددەی (٢) لە یاسای ناوبراو چەند جۆرە موڵکێکی دیاریکراو هەیە شمولی ئەم یاسایە ناکات، واتە خاوەن موڵك بە ئاسانی ئەتوانێت کرێچییەکەی دەربکات لەوانە:

١- گەر خانووەکە لە لایەن کۆمپانیاوە بە کرێگیرابوو یان بۆ میوانخانە بەکارهێنرا یا بۆ یانەی خواردنەوەی مەشروباتی ڕۆحی یان سینەماکان یا گازینۆکان بەکارهات.

٢- ئەو موڵکانەی تازە درووست ئەکرێن لە بەرواری تەواوبوونی بیناکە تا سێ ساڵ شمولی ئەم یاسایە ناکات و بە ئاسانی کرێچی دەردەکرێت.

٣- ئەو موڵکانەی کە کەسی غەیرە عێراقی بەکرێیان دەگرن، بەڵام هاووڵاتی عەرەبی بە عێراقی حسابە لەم بوارەدا جگە لەوانەیان کە لە قونسولییەت یا دەزگا یا ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی یا هەرێمی عەرەبی کاردەکەن یا نوێنەری دیبلۆماسین.

جێی باسە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران (سلێمانی) بە ژمارە (٤٨) لە (٢٠٠٦/١/٢٦) زیاتر جێپێی کرێچی خۆشکردوو تورەیی خاوەن موڵکیش لە پاڵیا ئەویش بە دابەزاندنی کرێی ئەو خانووە نیشتەجێیانەی کەلە (٢٠٠٣/١/١)وە تاکو (٢٠٠٤/١٢/٣١)دراون بە کرێ بەڕێژەی (٢٥٪)ی کرێی لێکەوتەوە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە (خاڵی یەکەم لە بڕیارەکە)

وە ئەو خانووە نیشتەجێیانەی کە لە (٢٠٠٥/١/١)ەوە دراون بە کرێ یان دەدرێن بەکرێ نابێت بەرزترین ڕادەی کرێیان لە (٣،٧٥٪)ی قیمەتی گشتی خانووەکە زیاتر نەبێت بەڵام ئەم بڕیارە ئەو خانوو شووقە نیشتە جێیانە ناگرێتەوە کە بە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بەکرێدراون وە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بەکار ناهێنرێن (خاڵی دووەم).

بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ئاماژە پێکراو دەبێت کرێچی لە سەرەتای هەموو مانگێکدا کرێ بدات بە خاوەن موڵك، گەرچی لەگەڵ خاوەن موڵکیشدا ڕێك بکەوێت کە لە کۆتایی مانگدا کرێی بداتێ.

وەگەر بەکرێدەر کرێی مانگانەی لە کرێچی وەرنەگرت ئەوا کرێچی ئەتوانێت کرێکە لە فەرمانگەی دادنووس دابنێت بۆ بەکرێدەر لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە بەرواری (إستحقاق)ی کرێکەوە کەلە یەکەم ڕۆژی مانگەوەیە بۆ حەوتەمین ڕۆژ بەپێی ماددەی (١١) بەهیچ جۆرێك نابێت کەسی کرێچی بەشێك لە موڵکەکە یان هەمووی بەکرێ بداتەوە بەکەسێکی تر یان (تنازل)ی لێبکات و بیداتێ، ئەگەر چی خاوەن موڵك ڕازیش بوو لەسەر ئەوکارە.

بەپێی ماددەی (١٣) کەسی کرێچی نابێت کەسێك بهێنێتە لای خۆی و لەگەڵیدابژی جگە لەوانەی کەلە عقدەکەدا باسکراون یا کەسی بەکرێدەر خۆی بەنووسراو ڕەزامەندی دەربڕیبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کرێچی ئەتوانێت چەند کەسێك لەگەڵ خۆیدا بژێنێت گەرچی بەکرێدەر ڕازیش نەبێت وەك دایك و باوك و نەنك و باپیر و کوڕ و کچ و خێزانەکانیان خوشکی شوی نەکردبێت یان برای ژنی نەهێنابێت یا مێردیان مردبێت یان تەلاق درابێت یا هەرکەسێك کە یاسا و عورف و باوی کۆمەڵایەتی واجبی کردووە کە بەخێویان بکات یا لەگەڵیان بژی بەمەرجێك لەو شوێنەدا جێگەیان ببێتەوە و ئەو جۆرە کەسانە خۆیان خانووی نیشتەجێیان نەبێت یا گەر هەشیان بێت، بەڵام بار و باوی کۆمەڵایەتی وا پێویست بکات کە لەگەڵ کەسی کرێچیدا بژی.

پارێزەر
عوسمان شێخ سدیق
ڕاوێژکاری یاسایی لڤین